# کام عەقلیەتێک لە کوردستاندا دەسەلاتە؟؟؟؟



**شەقڵاوەیی**
sheqlaweiy@hotmail.com
**١٠ی٢ی٢٠٠٧**

**ئەگەر رووکەشیانە سەیری ئەمڕۆی باشوری کوردستان بکەین ئەوا ئەبینین کە هەردوو زلهێز ( پارتی و یەکیەتی ) لە دەسەلاتدان، هەر بۆیەش بەردەوام رەخنە و سەرنج بە باشە و بە خراپە ئەخرێتە سەر ئەم دوو لایەنە، ئەمە تەواو راستی خۆی تێدایە چونکە بە هەر شێوەیەک بێت ئەم دوو لایەنە ( پارتی و یەکیەتی ) بەرپرسی پلەی یەکەمن لە ئاستی هەموو روداوەکانی باشوری کوردستان .**
**بەلام ئەگەر لەناوەڕۆکەوە سەیری ئەمڕۆی دەسەلات بکەین لە باشوری کوردستاندا ئەوا بە ئاشکرا دەسەلاتێک ئەبینین کە لە عەقلیەتی ئیسلامیەکاندا سەرچاوە ئەگرێت، فاکتەرەکانی هاتنە سەرکاری عەقلیەتی ئیسلامی لە ئەمڕۆی باشوردا چەند لایەنە، لە هەمووی کاریگەرتر نەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتووخوازانە و شارستانیانەیە کە ببێتە زەمینەی بەرەوپێش بردن و بە شارستانی کردنی گۆمەلگای کوردستان، لەتەک ئەمەشدا ئەو شێوە بەیڕێوەبردنانەی کە لە سەر دەستی پارتی و یەکیەتی بە شێوەیەکی ئەوەندە سەقەت کراوە، کە بەردەوام نائومێدی خستۆتە بدەردەم خەلکی کوردستان، دەرئەنجامەکەشی ئەوە بووە کە بە هەزارەها خەلک کوردستان جێبهێلێت، یان ملکەچ و هاوبەشی ئەو گەمە دزێوانەی پارتی یەکیەتی ببن بەبێ ئەوەی کە باوڕیان پێیان هەبێت، یان خۆیان لە پەنای حیزبە بچوکەکان مات کردوە کە لە راستیدا ئەم حیزبانە تەنها پاشکۆیەکن بۆ   ینک و پدک    ، یان روو لە پارت و رێکخراوە ئیسلامیەکان بکەن.**
**ئەمە شێوە دابەشکردنێکی سەرەکیە بۆ خەلکی باشور لە دوای راپەڕینی سالی ١٩٩١  چگە لە هەندێک هەولی ناکام کە لێرە و لەوێ لەلایەن خەلکانێکی پێشکەوتووخواز دراوە، ئەم هەولانەش بە دوو هۆی سەرەکی ناکام بوونە، یەکەم_ بێتوانایی و لاوازی خودی ئەو کەسە پێشکەوتووخوازانە و نەبوونی پالپشتیەک لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی. دووەم_ بەربەست خستنەبەر و تێکشکاندنیان لەلایەن هەر هەموو حیزبە میراتگرەکان بە تایبەت  ینک و پدک.**
**هەرچی بزوتنەوە ئیسلامیەکانن تەواو بە پێچەوانەوە، لەلایەک باشترین سوودیان لەم بار و دۆخەی جیهانی وەرگرتووە و توانیویانە بە پەیوەندی کردنیان لەگەل زۆربەی هەرە زۆری وولاتانی ئیسلامی و رێکراوە ئیسلامیە جیاجیاکان لەسەر ئاستی جیهانیدا، لەمەش زیاتر کەلک وەرگرتن لە وولاتانی عەربی ئیسلامی و بە تایبەت وولاتانی دراوسێی عێراق و کوردستان،**

لەهەمان کاتدا توانیویانە باشترین سوود لە بارودۆخی خودی کوردستان وەربگرن، وەک باسمان کرد بە هۆی بەڕێوەبردنی سەقەتیانەی هەموو بوارەکانی ژیان لەلایەن پدک و ینک.

ئەم بارودۆخانە زۆری لەبارەوە باسکراوە کە وەک نیو بە نیو و شەڕە یەک لەدوای یەکەکان و دابەشکردنی کوردستانی باشور و بێکاری و نەبوونی و هەژاری و نائومێدی و ترس و تۆقاندن و فەرامۆشکردنی بوارەکانی پەروەردە و زانست و ژیانی رۆژانەی خەلک و گرفتە کۆمەلایەتیەکان و بوارەکانی تەندروستی و شارەوانی و و و و لەسەروی هەمووشی گەندەلی، گەندەلی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

ئەم پێشەکیە کورتە هەر بۆ ئەوە بوو کەبزانین هاتنە سەرکاری عەقلیەتی ئیسلامی لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێت، بەلام ئەوەی کە گرینگە بۆ باسکردن بزانین چۆن کوردستان کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی عەقلی ئیسلامیەوە.

راستە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئەندامانی پدک و ینک پێکهاتووە، کە هەردووکیان پاگەندەی ئەوە ئەکەن حیزبی علمانی کوردستانین، کەچی دەستوری کوردستان کە دائەڕێشترێت بریتیە لە دەستورێک کە ئیسلام ئەکات بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ یاساکانی هەرێم، وەک ئەوەی لە بەندی حەوتدا هاتووە، <u>ئەم دەستووورە جەخت لەسەر ناسنامەی زۆرینەی موسڵمانێتی گەلی کوردستان دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان..)</u>

ئەمەش واتای ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمان ئەگەرچی وەک گووتمان لە ئەندامانی ینک و پدک پێکهاتوون بەلام ئەم ئەندامانە هەلگری عەقلیەتی ئیسلامن با لە حیزبە ئیسلامیەکانیش ئەندام نەبن، ئەمەش مەترسیەکی زۆر گەورەیە بۆ سەر دوارۆژی کوردستان، کاتێک کە ئەندامانی حیزبە بەناو علمانیەکانی کوردستان هەلگری عەقلی ئیسلامی بن چ بەهۆی باوڕی تایبەتی خۆیان بێت یان بە هۆی فشار و فریودانیان بێت یان کڕینیان لەلایەن حیزبە ئیسلامیەکان، ئەم مەترسیەش خودی ینک و پدک ئەگرێتەوە، ئەمەش لەوە ئەبینین کە ئەندامانێکی پەڕلەمان هەن درکیان بەم مەترسیە کردووە، بەلام ژمارەی کەمی ئەم ئەندامانە تا ئێستا نەیتوانیوە بەرەو زۆر بوونێک بچێت کە کاریگەری هەبێت لەسەر گۆڕینی ئەم بەندە، واتە کاری چەند ئەندامێکی لایەنە ئیسلامیەکان لە پەڕلەماندا توانیویەتی عەقلیەتی خۆی بەسەر زۆربەی ئەندامانی پەڕلەمان بسەپێنێت، خۆ ئەگەر ئەم ئەندامانە لەلایەن حیزبەکانوە راسپاردرابن بۆ داڕشتنی ئەم بەندە و پشگیری کردنی ئەوە ئەم جارە ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێت کە کاریگەری عەقلی ئیسلامی نەوەک هەر لەسەر زۆربەی ئەندامانی پەڕلەمان هەیە بەلکو ئەم عەقلیەتە ئیسلامیە کاریگەری لەسەر خودی پدک و ینک هەیە، بەلای منەوە ئەمە راستیەکەیە، چونکە ئەگەر نەڕەزایی لەلایەن پدک و ینک هەبێت سەبارەت بەم بەندە ئەوە بە دڵنیایەوە بە زووترین کات هەڵئەوەشایەوە.

چگە لەوەش چەندین کار و کردەوەیتر هەن لەدەرەوەی پەڕلەمان کە راستەوخۆ لە حیزبەکانەوە یان لە حکوموتی هەرێم ئەیبینین نیشانەی ئەوەن کە عەقلیەتی ئیسلام لە کوردستاندا دەسەلاتە و پدک و ینک بریتین لە دام و دەزگایەک بۆ دزی و گەندەلی بۆ خۆیان و جێبەجێ کردنی عەقلیەتی ئسلام بەسەر خەلکدا.

ئەمە ئەو راستیانەن کە رێکخراوە ئیسلامیە جۆراوجۆرەکان سوودیان لێی بینیوە و توانیویانە لە سایەیدا رۆژ بە رۆژ گەشە بکەن و پەرەبسێنن و جێپێگەی خۆیان بەهێزتر و بەهێزتر بکەن.

گرتن و زیندانیکردن و جاربەجار بەربەست خستنە بەردەمیان و بگرە هێرشکردن و لێدان و کوشتنیان کە لە لایەن یەکێک لەم دوو حیزبە بۆ سەر هەندێک لە گروپە ئیسلامیەکان ئەکرێت

فاکتەرێکیتری گەشەسەندن و بەرفرەوان بوونی عەقلیەتی ئیسلامیە ئەگەرچی جارجارێ بووبێتە هۆی لەنێو بردنی گروپێک، چونکە عەقلیەتی ئیسلامی خۆی تەنها لە گروپێک یان چەند گروپێکی ئیسلامی نادۆزێتەوە بەلکو هەر هەموو گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان هەلگری ئەم عەقلیەتەن لە تەکیشیاندا هەموو ئەو مەلایانەی کە ڕۆژانە نەوەک هەر ژمارەی خۆیان بەلکو ژمارەی مزگەوتەکانیشیان لە زۆر بوون دایە، لەکاتێک کە لە هەموو کوردستان تاکە ناوەندێک یان مینبەرێک یان گۆشەیەک یان دەنگێک نیە و ڕێگای پێنادرێت کە بە هیچ شێوەیەک کەمترین رەخنە لە عەقلیەتی ئیسلام بگرێ.

پێوست بەوە ناکات کە باس لە یەکە یەکەی ئەو ئەزمونانە بکەین لە مێژوودا لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا کە چۆن بیروباوڕێک توانیویەتی لە ڕێگای کەسە زیندانیەکانیەوە حوکی شەقام بکات، منیش ئەوە لە ئەمرۆی کوردستان و ئیسلامیەکان بە دوور نابینم، ئەمەش بۆ ئەوە ئەلێم کە بزاندرێت من بە هیچ شێوەیەک لەگەل ئەوە نیم کە ڕێگا لە ئیسلامیەکان بگیرێت، مافی تەواوی خۆیانە کە کار و چالاکی جۆراوجۆر بۆ بیروباوڕەکانی خۆیان ئەنجام بدەن بەبێ هەڕەشەکردن و بەکارهێنانی توند و تیژی لەگەل بیر و باوڕی بەرانبەریاندا، لەهەمان کاتدا چۆن ڕێگا بە ئیسلامیەکان ئەدرێت وەک ئەوەی دەیانەوێت وا باس لە ئیسلام بکەن ئاواش ڕێگا بە کەسانیتر بدرێت کە رەخنە لە ئیسلام بگرن، یان بۆچوونەکانی خۆیان باس بکەن، چۆن بە شێوەی جیاجیا کۆمەک و یارمەتی ئیسلامەکان ئەدرێت بۆ مزگەوت و تەکیە و خانەقا و معاشی مەلا و مەکتەبی ئیسلامی و و و و و و و ، ئاواش کۆمەک و یارمەتی ناوەند و کۆمەلە و یانە و ڕێکخراوە ئەنتی ئیسلامیەکان بدرێت، نووسەران و ڕۆشەنبیران ئازاد بن لە قسەکردن و کۆڕ بەستن و نووسین و بلاوکردنەوە بەبێ ترس لە فتوای مەلاکان و هەڕەشەی گروپە ئیسلامیەکان، ئەو کات ململانەی فکری و ئەخلاقی و پەروەردەیی دێتە ئاراوە بە شێوەیەکی دیموکراسیانە وە خەلک ئازاد ئەبێت لە هەلبژاردنی بیر و باوڕی .

من بێ گومانم کە هەر ئیسلامیەک ئەم ووتارە بخوێنێتەوە ئەم پێشنیارە ڕەت ناکاتەوە بەلکو بە دەنگێکی بەرز و ئاشکرا پالپشتیم ئەکات، نە لەبەر ئەوەی کە باوڕی بەم دیموکراسی هەیە، بەلکو لەبەر ئەوەی سەدامليون دلنیایە کە دەسەلاتی پدک و ینک ئەمەیان قبول نیە.

واتە لەلایەکیتر بەبێ داواکاری گروپە ئیسلامیەکان خودی پدک و ینک ئەکەونە خزمەتکردنیان بە قبول نەکردن و رەتکردنەوەی بیر و باوڕی ئازاد بە تایبەت کە ئەم بیر و باوڕە دژ بە خۆیان و دەسەلاتەکەیان بێت یان دژ بە عەقلیەتی ئیسلام بێت، بەمەش جارێکیتر زەرمینەی گەشە سەندن و فرەوان بوونی ئیسلامیەکان لە سایەی پدک و ینک خۆشتر و ئامادەتر ئەکرێت.

لە کۆتایدا من داواکارم کە ئەم ڕووە خەترناکانەی عەقلیتی ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر بخرێنە ڕوو و خەلکی کوردستان لەم بارە ترسناکە ئاگادار و هۆشیار بکرێتەوە بە خەلکی پارتی و یەکیەتیشەوە، ئەوەش لەبیر نەکرێت کە دەسەلات لە کوردستان تەواو کەوتۆتە ژێر کاری عەقلی ئیسلامی و دەرباز بوونیان تەواو ئەستەمە، نەک هەر ئەمەش، من پێشبینی تیرۆر و بە تەواو لەناوبردنی ئەم دەسەلاتە رووکەشیە (شکلیە) بەدەستی ئیسلامیەکانەوە ئەکەم.